درێژترین شەپۆلی سەرما لە زستانی ئەمساڵ دووە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دێکات

ئەمڕۆ دووشەممە، بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی عێراق پێشبینیی بە درێژترین شەپۆلی سەرمای زستانی ئەمساڵ ڕاگەیاند، کە لە پێنجشەممەی داهاتووەوە دەست پێدەکات و تا چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو بەردەوام دەبێت (2025/1/23 - 2025/1/29).

بەڕێوبەرایەتی کەشناسی عێراق، ڕوونیکردەوە کە شەپۆلی سەرما لەگەڵ دابەزینی بەرچاوی پلەی گەرما دەبێت، جگە لە بارانبارین لە زۆربەی ناوچەکان، هەروەها جێختی لەوە کردەوە کە ئەم شەپۆلە درێژترین شەپۆلی سەرما دەبێت لەم وەرزەدا و داوای لە هاووڵاتیان کرد ڕەوشەکانی پێویست بگرنەبەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی کەشوهەوای سەرمای سەخت کە لەوانەیە بای بەهێز و سەرمای زۆر سەخت بگرێت.